Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# مانای ژیان و پەیوەندیی بە هەستکردن بە تاوان لای ئەو کەسانەی تاوانی کوشتنیان کردووە لە پارێزگای سلێمانی

«توێژینەوەیەکی مەیدانییە»

**م. ئەیوب کەریم سەعید**

بەشی تەکنیکی میدیا، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق

ayoob.saeed@spu.edu.iq

**سەروەر کەریم سەعید**

قوتابخانەی پەیڤی بنەڕەتی، وەزارەتی پەروەردە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق

sarwarkareem1@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە لێکۆڵینەوە ئەکات سەبارەت بە چەمکی مانای ژیان لای ئەو کەسانەی بە تاوانی کوشتن سزا دراون، هەروەها پەیوەندیی ئەم چەمکە لەگەڵ هەستکردن بە تاوان دەستنیشان ئەکات. نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە ١٠٠ کەس لە سزادراوانی چاکسازیی گەورانی سلێمانی کە بە تاوانی کوشتن سزا دراون، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان فۆرمی پرسیارنامە بەکارهاتووە و لە ڕێگای پرۆگرامی (Statisticals Package for Social Science - SPSS) داتا و زانیارییەکان شیکراوەتەوە. بەپێی ئانجامەکانی توێژینەوەکە ئاستی مانای ژیان لە ئاستێکی بەرزدایە، و ئاستی هەستکردن بە تاوان لای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی مامناوەندایە، پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداری هەیە لە نێوان (مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان) کە بەهاکەی ئەکات (٠,٤٥٧) کە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە پەیوەندییەکی ئاماریی ڕاستەوانەی لاوازیان هەیە. هەروەها ژینگەی کۆمەڵایەتی شار و لادێ و باری خێزانی لێتوێژراوان جیاوازیەکی ئاماریی بەڵگەدار نیە لە نێوانیاندا بۆ مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان.

**کلیلە وشەکان: مانای ژیان ، هەستکردن بە تاوان، تاوانی کوشتن**

Recieved: 25/5/2024
Accepted: 19/6/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

کوشتن بە هەر هۆ و بیانوویەک بێت، بکوژ ئەخاتە بەردەم بارودۆخێکی دەروونیی ناجێگیر، ترارترین بارودۆخی ناجێگیری دەروونییش خۆی لە هەستکردن بە تاوان و گۆڕانکارییکردن لە تێڕوانینی تاکەکان بۆ بەهای ژیان و ماناکانی ژیاندا ئەبینێتەوە.

هەستکردن بە تاوان، هەستێکی ناوەکیی یە کە سەرزەنشتکردنی بەردەوامی لەگەڵدایە، هەروەها هەستکردنە بە نەبوونی رەزامەنتری بەرامبەر بەخود بەهۆی بوونی هەڵەیەکەوە، هەتا ئەگەر هەڵەیەکی بچووکیش بێت، سکاڵای ویژدانە لەگەڵ هەستکردن بە کەمتەرخەمیی لە کردنی کارێك ((Morin, ٢٠٠٠, ٤٥.p.

بەپێی لێکدانەوە دەروونناسییەکان سەرچاوەکانی مانادان بە ژیان جیاواز و فرە چەشنن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، هەروەها بەپێی لێکدانەوەکانی ڤیکتۆر فرانکل تەنها بارودۆخە ئەرێنییەکان تێڕوانینی مرۆڤەکان بە هێز ناکات دەربارەی مانای ژیان، بەڵکو هەڵوێست و بارودۆخە ناخۆشەکان هەلێکە بۆ گەشەکردنێکی زیاتر و جێبەجێکردنی ئەوەی کەسێك لە باوەڕبوون بە ئایندە بەدەستی بهێنێت (عواتر، ٢٠١٨، ص٥٨).

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە چوار بەش. بەشی یەکەم ناساندنی توێژینەوەکە ئەگرێتەخۆی کە تیایدا کێشەی توێژینەوە و گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە و چەمکە سەرەکییەکان بۆ ناساندنی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. بەشی دووەم لایەنی تیۆری ئەگرێتەخۆ، تیایدا تیۆرەکان و سەرچاوەکانی مانادان بە ژیان و جۆرەکانی هەستکردن بە تاوان خراوەتەڕوو. بەشی سێیەم لایەنی کرداری توێژینەوەکە پێکئەهێنێت ، تیایدا کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە و پرۆسەی ئامادەکردنی پرسیارنامەی تێدا روونکراوەتەوە، بەشی چوارەم دەرئەنجامەکان و شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان لەخۆئەگرێت.

### بەشی یەکەم : چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە

#### باسی یەکەم : رەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکەش لە سێ پرسیاردا کورت ئەبێت بەوە:

١. ئاستی مانای ژیان چەندە لای ئەو کەسانەی تاوانی کوشتنیان کردووە؟

٢. ئاستی هەستکردن بە تاوان چەندە لای ئەو کەسانەی تاوانی کوشتنیان کردووە؟

٣. چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان لای ئەو کەسانەی تاوانی کوشتنیان کردووە؟

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە ئەکات دەربارەی بابەتێکی گرنگ لە ژیانی ئەو کەسانەدا کە بە هەر هۆکارێك بێت ژیانیان لە کەسانێتر سەندۆتەوە کە بریتییە لە مانای ژیان، بەتایبەت لە بارودۆخە قورس و مەترسیدارەکاندا کەوا لە مرۆڤ ئەکات یان خۆی بەدەستەوەبدات و بەرگەی ئەو بارودۆخە نەگرێت یان بەپێچەوانەوە چۆکدانەدات لە بەرامبەر ئەو مەترسی و ئاستەنگیانەی رووبەڕووی ئەبێت بەوە و بەردەوامیی بە ژیان بدات.

لە رووی پراکتیکییەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەرئەکەوێت کە پراکتیکی پێوەرێکی تایبەتە بە مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان لە ژینگەیەکی جیاواز کە کوردستانە، وە بەسەر توێژێکی نوێدا کە ئەو کەسانەن تاوانی

کوشتنیان کردووە.

لەلایەکی ترەوە کەمی لێکۆڵینەوە دەربارەی هەستکردن بە تاوان وەك گرفتێکی دەروونیی کەوا لە مرۆڤ ئەکات نەتوانێ گونجانێکی تەندرووست دروست بکات، هەروەها پەیوەندیی بە گۆڕاوی مانای ژیانەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە هەستکردن بە تاوان و مانای ژیان لای سزادراوان.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

١. زانینی مانای ژیان لای نموونەی توێژینەوەکە.

٢. پێوانەکردنی هەستکردن بە تاوان لای ئەو سزادراوانەی بە مادئەکاتنی تایبەت بە کوشتن سزا دراون.

٣. دۆزینەوەی جیاوازی لە هەستکردن بە تاوان و مانای ژیان بەپێی گۆڕاوی:

دۆخی کۆمەڵایەتیی (هاوسەردار ـ سەڵت)، شوێنی نیشتەجێبوون (ناوشار، دەرەوەی شار)

٤. زانینی پەیوەندیی نێوان مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان لای نموونەی توێژینەوەکە.

چوارەم:: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم ئەو سزادراوانەی چاکسازی گەورانی سلێمانی کە بەپێی مادئەکاتنی (٤٠٥ و ٤٠٦) لە یاسای سزادانی عێراقی تایبەت بە کوشتن سزا دراون بۆ ساڵی ٢٠٢١ کە ژمارەیان (٢٩٠) کەسە.

پێنجەم: نموونەی توێژینەکە:

نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە ١٠٠ کەس لەو سزاداراوانەی بە تاوانی کوشتن حکومدراون بۆ ساڵی ٢٠٢١، کە سەرجەمیان لە رەگەزی نێرن، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نموونەکە هەڵبژێردراوە، کە لە ٣٤٪ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدەهێنیت، ئەم نموونەیەش لە توێژینەوە وەسفییەکاندا بۆ ئەم قەبارەیە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە گونجاوە. (بۆکانی، ٢٠٢٠، ل ١١٤)

## باسی دووەم: تراریکردنی چەمك و زاراوەکان

١. مانای ژیان (Meaning of life)

ڤیکتۆر فرانکل Viktor Frankl (١٩٠٥-١٩٩٧) پێیوایە مانای ژیان بریتییە لە توانای تاك لە دۆزینەوەی بەرپرسیارێتییەکانی و ماندان بە ژیان کە پەیوەستە بە هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانیەوە (البرواري و الدباغ، ٢٠١٩، ص٩٣)

ئەلفرێد ئادلر Alfred Adler (١٨٧٠- ١٩٣٧) بەم شێوەیە پێناسەی مانای ژیان ئەکات: مانای ژیان ئەو بەشداریکردنەیە کە بۆ بەرژەوەنتر خەڵکانی تر ئەنجامی ئەدەین، هەروەها گرنگییدانی راستیین و بێگەردە بە (هاوکاریکردن لەگەڵیاندا. (ئادلەر، ٢٠١٤، ل١٧).

هەریەك لە باتیستا و ئالمۆند و ریکر و وۆنگ (Battista, Almond, Reker & Wong) پێیانوایە کە مانای ژیان بریتییە لە یەکگرتوویی لە ژیانی تاکەکان بۆ ئاراستەکردنی ئامانج و مەبەستەکانیان. (Michael F. Steger & Others, ٢٠٠٦, p٨٠)

ستیگەر (Steger) وایدەبینێت کە مانای ژیان بریتییە لە مەودای تێگەیشتن و زانینی گرنگیی ژیان لای تاکەکان، هەروەها پلەی پێزانینی مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ژیان (Damásio & Koller, ٢٠١٤, p١٨٦)

مانای ژیان چەمکێکە یان کۆمەڵە چەمکێکی ئەرێنی و نەرێنییە وەك سەرکەوتن یان شکست کە تاکەکان لە ژیانیاندا پێکی ئەهێنن، لە رێگەی سەرچاوە جیاوازەکانی ئەزمونی تاکەکەسی لە بارودۆخی کارلێکی لەگەڵ خود خۆی و

ئەوانی تردا لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و گۆڕاوەکانی وەریئەگرێت. (الابیض، ٢٠١٠، ص٨٠٢) پێناسەی ڕێکاری (اجرائي) مانای ژیان: نمرەی گشتیەیە کە وەڵامدەر بەدەستی هێناوە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری مانای ژیان.

٢. هەستکردن بە تاوان (Feeling Guilty)

مۆرین پێیوایە هەستکردن بە تاوان «هەستێکی ناوەکیی یە کە سەرزەنشتکردنی بەردەوامی لەگەڵدایە، هەروەها هەستکردنە بە نەبوونی ڕەزامەنتری بەرامبەر بەخود بەهۆی بوونی هەڵەیەکەوە، هەتا ئەگەر هەڵەیەکی بچووکیش بێت، سکالای ویژدانە لەگەڵ هەستکردن بە کەمتەرخەمیی لە کردنی کارێك(Morin,٢٠٠٠, p ٤٥).

سلون و فریدمان (Slone & Friedman، ٢٠٠٨)وای ئەبینین کە هەستکردن بە تاوان «هەستێکە درووست ئەبێت بەرئەنجامی هەڵسانی تاك بە کارێك دژی پێوەرە ئەخلاقی و باوەڕەکان. (صالح، ٢٠١١، ٢٢٧)

(نایسل و ئەوانی تر Niedenthal & et al)بەو شێوەیە پێناسەی هەستکردن بە تاوان ئەدەن کە بریتییە لە هەستکردن بە سەرزەشت و پەشیمانی لەسەر هەڵسوکەوتە خراپەکان. (. (Niedenthal et al, ١٩٩٤, p. ٥٨٥

پێناسەی ڕێکاریی (اجرائي) بۆ هەستکردن بە تاوان: نمرەی گشتییە کە وەڵامدەر بەدەستی هێناوە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری هەستکردن بە تاوان .

٣. تاوانی کوشتن (Murder crime)

تاوانی کوشتن جۆرێکە لە جۆرەکانی تاوان، کە کەسێک کەسی بەرامبەری یان زیاتر لە کەسێک ئەکوژێت بە ئەنقەست یان بە بێ ئەنقەست. لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩، کە باسی کوشتنی بە ئەنقەست کراوە و ماددەکانی (١٤٠٥) و (٤٠٦٢)ی هەمان یاسا تایبەتن بە کوشتنی بە ئەنقەست، بەپێی ئەم دوو مادەیە لە یاساکە ئەگەر کەسێک کردەیەکی کوشتنی بەئەنقەستی کرد ئەوا سزاکەی بریتییە لە سزای بەندکردنی هەتاهەتایی یان بەندکردنی کاتیی یاخود لە سێدارەدان. (قانون عقوبات العراقي، ١٩٦٩، ص ٧٤ - ٧٥)

بەشی دووەم لایەنی تیۆریی

باسی یەکەم: چەمکی مانای ژیان و تیۆرەکانی

یەکەم: چەمکی مانای ژیان

مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونییەوە پرسیاری لە مانای ژیان کردووە، وە هەوڵیداوە کە ژیانی زیاتر لە مانایەکی هەبێت، زۆرێك لە ئایین و فەلسەفە جیاوازەکان بەشدارییان کردووە لە گەڕان بەدوای مانای ژیاندا، دەروونزانیی یەکێکە لە ترارترین ئەو زانستانەی بەشدارییەکی گرنگی هەبووە لە گەڕانی مرۆڤ بە دوای واتای ژیاندا بەتایبەت

١ بەپێی ماددەی ٤٠٥ لە یاساکە «کوشتنی مرۆڤ لەهەر ڕەگەز و تەمەن و نەتەوەیەک بێت بە ئەنقەست کە بکەری تاوانەکە مەبەستی کوشتنی کەسەکەی هەبێت و لەناو خاکی عیراق و کوردستان تاوانەکە بکات، بەڵام بەمەرجێک بەرنامەی پێشوەختی دانەڕشتبێت بۆ کردنی تاوانەکە واتە پلاندارێژیی پێشوەختەی بۆ کوشتنەکە نەکردووە، ئەوا ماددەی ٤٠٥ لە یاسای سزادانی عیراقی بەسەردا جێبەجێ ئەکرێت کە حوکمەکەی بریتیە لە، حوکمی هەتاهەتایی « ئەبەدیی» یان حوکمی کاتیی“.

٢- لە ماددەی (٤٠٦) هەر کەسێك کەسێکی تر لەیەکێك لەوبارودۆخانەی خوارەوە بکوژێت بە لەسێدارەدان سزا ئەدرێت:

١. ئەگەر پێشتر نیازی کوشتنی هەبێت و سووربێت لەسەر کوشتنی یان بۆسەو کەمینی بۆ دانابێت «خوتەی کوشتنی داریژ بێت“.

٢. ئەگەر کوژراو لەباوانی بکوژ بێت.

٣. ئەگەر کوشتنەکە بەهۆی ماددەی ژەهراوییبوون بێت یان تەقەمەنیی یان تەقینەوە بووبێت.

٤. ئەگەر کوشتنەکە لەبەرامبەر کرێ بووبێت یان ئەگەر تاوانبار ڕێگای دڕندانەی لە کردنی تاوانەکە بەکار هێنابێت.

٥. ئەگەر تاوانبار مەبەستی کوشتنی دووکەس یان زیاتر هەبوو بەیەك کردەوە هەردووکیانی کوشتبێت.

٦. ئەگەر کوژراو فەرمانبەر بێت یان کەسی ڕاسپێردراو بەخزمەتی گشتیی لەکاتی بەجێگەیاندنی کاری فەرمانبەریی یان بەهۆی کارەکەی کوشتبێتی.

٧. ئەگەر کوشتنەکە بۆکارئاسانیی بێت تاوانێك یان کەتنێك کەسزاکەی بەندکردن بێت و لەساڵێك کەمتر نەبێت یان تاوانەکە بۆ ئەوە بێت کە رابکات یان لەسزا دان رزگاری بێت.

لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە Doğan et al ,٢٠١٢ ,p.٦١٣٠)) بەتایبەت لە نووسینەکانی ڤیکتور فرانکل لە کتێبی «مرۆڤ و گەڕان بەدوای واتادا».

مانادان بەژیان بابەتێکی تاکییە و پەیوەستە بە خود تاکاکان، تەنانەت لای تاکەکانیش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

فرانکل بۆ یەکەم جار چەمکی مانای بوونێتیی ژیانی بەکارهێنا، کە پێیوایە مانا سێ ڕەهەندی سەرەکیی لەخۆئەگرێت: خود بوون، واتای بوون، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی واتای ڕاستەقینە لە ژیانی تاکەکەسدا کە هەمان واتاخوازیی ئەگرێتەوە. (فرانکل، ٢٠١٥، ل١٥١)

زانا بوونگەراکانی وەك ماسلۆ (Maslow) باتستا و ئەلمۆند (Battista & Almond)، یالوم (Yalom)، وونگ (Wong) کە بەشێکن لە ئاراستەی مرۆیی لە دەروونزانییدا، وە بەشدارییەکی بنچینەییان هەیە لە گەشەدان بە بنچینەی تیۆریی چەمکی مانای ژیان، ئەم زانایانە لەژێر چەندان ناونیشاندا ئاماژەیان بە مانای ژیان کردووە، وەك: واتای بوونێتیی، واتای ژیان، ئامانج لە ژیان، مانای کەسیی و گرنگییەکانی ژیان، هەرچەندە داڕشتەی ئەو چەمکانە جیاوازن، بەڵام هەموویان لە دەوری یەك مانا ئەسووڕێنەوە، بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕکراو لەناو توێژینەوەکاندا بەکاردێت، بەڵام چەمکی مانای ژیان زیاتر لە لیکۆڵینەوە دەروونییەکاندا بەکاردێت. کە زیاتر پەیوەستە بەو ئاراستەیەوە کە فرانکل بەکاریهێناوە. (عواتر، ٢٠١٨، ص٥١)

نەبوونی مانا لەژیانی تاکەکاندا بۆشاییەکی گەورە لای تاك درووست ئەکات بەجۆرێك کێشەی تراریکردنی ئامانجی ژیان و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر درووست ئەکات.

دووەم: سەرچاوەکانی مانادان بە ژیان

بەشێك لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کە مانادان بە ژیان رۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئەرێنیبوونی مرۆڤ، بۆ نموونە مانای ژیان پەیوەستە بە ئاسایشی دەروونیی و خۆشگوزەرانیی تاك و جۆری ژیان و ێزگرتن لە خود و هیوا و لێهاتوییە خودیەکان. سەرچاوەکانی مانادان بەژیان زۆر و فرە چەشنن لەوانە:

١. بەهای داهێنان: ئەو شتانە ئەگرێتەوە تاك بەدەستی ئەهێنێت و پێشکەشی جیهانی ئەکات لە دۆزینەوە و داهێنانەکانی. ئەم بەهایەش لە ڕێگەی چەند سەرچاوەیەکی ترەوە بەدەستدێت، وەك کارکردن کە تاك لە ڕێگەیەوە بەرجەستەی بەهای پێزانینی خود و بەهای ماتری و کۆمەڵایەتیی ئەکات، کە ئەبێت بە سەرچاوەیەك بۆ ڕەزامەنتری ناوەکیی لای تاك. یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی ئەم بەهایە حەز و خولیا و گرنگیپێدانەکانە، ژمارەی حەز و ئارەزوو گرنگیپێدانەکان هەستێك لای مرۆڤ درووست ئەکات کە ژیانی دەوڵەمەندە بە مانا و شایەنی ئەوەیە لەپێناویدا بژی. لە گرنگترین حەز و گرنگیپێدانەکانیش وەك خوێندنەوە، گوێگرتن لە میوزیك، نووسین، گەشتکردن، ڕۆیشتن بە پێ، سەیرکردنی تەلەفزیۆن.. هی تر. یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی ئەم بەهایە بریتییە لە دۆزینەوە و داهێنانەکان. مرۆڤ بەوە جیائەکرێتەوە کە پاشای عەقڵ و توانای بیرکردنەوە و داهێنانە. (اسکندرانی، ٢٠١٦، ل٢٤)

٢. بەهای ئەزمونەکان (Experiential Value) هەموو ئەزموونە هەستیی و واتاییەکانی مرۆڤ ئەگرێتەوە کە بەدەستی هێناوە، بە تایبەت ئەزموونەکانی گەڕان بە دوای ڕاستیدا یان چوونەناو پەیوەندییە مرۆییەکانی وەك خۆشەویستیی و هاوڕێیەتی یان لە ڕێگەی چێژبینین لە جوانیی.

٣. بەهای ئاراستەکان (Attitude Value) پێکدێت لەو هەڵوێستانەی تاك لە تەنگانە و بارودۆخی نالەباردا ڕووبەڕووی ئەبێت بەوە و ناتوانێت لێی دووربکەوێتەوە، وەك قەدەر و مردن و نەخۆشیی. (اسکندرانی، ٢٠١٦، ل٢٦) لەم بارودۆخانەدا

توانای گۆڕانکاریی و داهێنان کەم ئەبێت بەوە، بۆیە مرۆڤ هەوڵی گۆڕانکاریی لە هەڵوێستەکانیدا ئەدات ئەمەش ئەبێت بە سەرچاوەك بۆ پێدانی مانا بە ژیان. وەك ڤیکتۆر فرانکل ئەڵێت: «ئازار پاژێکی ڕەگبڕنەکراوی ژیانە، ئەگەرچیی بەشێوەی چارەنووس و مەرگ بێت. ژیانی مرۆڤ بەبێ ئازار کامڵ نابێت» (فرانکڵ، ٢٠١٥، ل١٠٣) فرانکل ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە چۆن مرۆڤ ئەتوانێت لە سەخترین ساتەکانی ژیانیدا مانایەك بۆ ژیان بدۆزێتەوە، لە ڕێگەی ملکەچنەبوون بۆ ئازار و سەختییەکان و لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ گەیشتن بە بەها ئەخلاقییەکان.

٤. ئاسایشی ناوەکیی : بریتییە لە بارودۆخی هێمنی و گونجان لەگەڵ خود خۆی و قایلبوون بەو بارودۆخەی هەیەتی، کەوا لە تاك ئەکات هەستی چێژبینین لە بارودۆخی ژیانی بکات، بەتایبەتی لە سەرکەوتنەکانی و ئەزموونە ئەرێنییەکانی ژیانی و دۆزینەوەی ئامانج و بەهاکانی و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی.

٥. باوەڕ و ڕۆحانییەت (Faith and Spirituality): بەپێی بەشێك لە توێژینەوەکان باوەڕ و ڕۆحانییەت سەرچاوەی گرنگن بۆ مانادان بەژیان. فرانکڵ لەباسکردنی ژیانی زیندانیانی ئاشۆیتس ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە «باوەڕی ئایینی زیندانیان بەخێرایی ئەژیایەوە (فرانکل، ٢٠١٥، ل٥٧) زیندانیان لەکاتی گەڕانەوەیان لە کارپێکردنی تاقەت پڕوکێن نزاکان و سرووده ئایینیەکانیان ئەوتەوە کە دەرهاویشتەی بیروباوەڕی ئەوان بوو.

کرومباخ و مولیش (Crumbangh Mohalich ١٩٦٩) چوار سەرچاوەی سەرەکییان دەستنیشان کردووه بۆ بەدەستهێنانی مانای ژیان:

١. باوەڕبوون بە ژیان

٢. توانای تراریکردنی ئامانجەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانیان

٣. مرۆڤ توانای هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر ژیاندا.

٤. وروژاندن (استثارە) و پەرۆشی هەبێت بۆ ژیان

ریکر (Reker) سەرچاوەکانی مانادان بەژیان پوخت ئەکاتەوە لە پەیوەندییە کەسییەکان، چالاکییە ئایینییەکان، کاری داهێنانکارانە، گەشەکردنی کەسایەتیی، تێرکردنی پێداویستییە بنچینەییەکان و ئاسایشی ئابووریی، چالاکییە خۆشیبەخشەکان و ئەو شتانە تاك بەدەستیان ئەهێنێت ، پەنتر پێشینان، داب و نەریت، کەلتوور، بابەتە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، بابەتە چێژبەخشەکان، خاوەنداریتیی تایبەتیی و پەیوەندیی لەگەڵ سرووشت، ئینجا ئەم سەرچاوانە بە تەنها بن یان پێکەوە هەستکردن بە مانا تەواو ئەبەخشێت بە مرۆڤ. (حسن، ٢٠١٧، ل٢٧٤- ٢٧٥)

سێیەم: تیۆرەکانی شیکردنەوەی مانای ژیان

١. تیۆری ڤیکتۆر فرانکلViktor Frankl, ١٩٠٥- ١٩٩٧ ))

ڤیکتۆر فرانکل لە کتێبی (گەڕانی مرۆڤ بەدوای واتادا) لێکدانەوە و بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی مانای ژیان و تیۆرەکەی لۆگۆتراپی (Logo therapy) خستۆتەڕوو. بیرۆکەی ئەم تیۆرەشی لە دوای دووەم جەنگی جیهانیی گەڵاڵە کرد.

فرانکل پێیوایە کە واتای ژیان شتێکی گشتیی نییە کە بۆ هەموو کەسێك وەك یەك بێت، بەڵکو «واتای ژیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێك، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و کاتژمێر بە کاتژمێر لە گۆڕاندایە، بۆیە هەر کەس ئەبێ واتا و مەبەستی ژیانی خۆی لە ساتە جۆربەجۆرەکاندا بدۆزێتەوە». (فرانکل، ٢٠١٥، ل١٦٥)

وەك فرانکل ئاماژەی بۆ ئەکات مانای ژیان پرۆسەیەکە لەدەرەوەی مرۆڤ داناهێنرێت، بەڵکو لەناو خود مرۆڤدا

ئەدۆزرێتـەوە، پاڵنەرێکـی بنچینەیـی مرۆڤـە.

مانـای ژیـان لـەو بارودۆخـەدا لەدایـك ئەبێـت کـە لەچـواردەوری مرۆڤدایـە، ئەمـەش تەنهـا بـە پرسـیارکردن دەربـارەی ئامانـج و مەبەسـتی ژیـان بەدەسـت نایـات، بەڵکـو لـە ڕێگـەی وەڵامدانـەوەی تـاك بـۆ هەڵوێسـت و داواکارییەکانـی کـە لـە ژیانیـدا ڕووبـەڕووی ئەبێـت بـەوە بەدەسـت دێـت. فرانـكل جەخـت لـەوە ئەکاتـەوە گـەڕان بـەدوای مانـای ژیـان و خۆشەویسـتی و ناسـنامەدا لـەو ئەزموونـە زەبراویـی و ناخۆشانەشـەوە درووسـت ئەبێـت کـە تـاك پیایـدا تێپـەڕ ئەبێـت، هەڵوێسـت و بارودۆخـە ناخۆشـەکان هەلێکـە بـۆ گەشـەکردنێکی زیاتـر و جێبەجێکردنـی ئـەوەی کەسـێك لـە باوەڕبـوون بـە ئاینـدە بەدەستی بهێنێـت، بەبـێ ئەمـە مانایـەك لـە ژیانـدا بوونـی نییـە وە هیـچ هۆکارێـك بـۆ ژیـان نییـە. مانـای ژیـان پێویسـتیەکی بوونیـی مرۆڤـە کـە ڕەنگدانـەوەی لایەنـی رووحیـی مرۆڤـە. (عواتـر، ٢٠١٨، ص٥٨).

لـە روانگـەی فرانكلـەوە واتـای ژیـان بـەردەوام لـە گۆڕاندایـە، بـەڵام هەرگیـز ون نابێـت، مـرۆڤ ئەتوانێـت بـە سـێ ڕێگـە مانـای ژیـان بدۆزێتـەوە:

یەکـەم: بـە کردنـی کارێکـی بەهـادار و نرخمەنـد: واتـە لـە ڕێگـەی ئـەو کار و چالاکییانـەی مـرۆڤ ئەیـان کات لـە ژیانـی ڕۆژانەیـدا.

دووەم: بـە ئەزموونکردنـی بەهـای بـاڵا: واتـە دۆزینـەوەی واتـای ژیـان لـە ڕێگـەی ئەزموونـە بەنرخەکانەوەیـە. وەك بەرەوڕووبوونـەوە لەگـەڵ سـەیر و سـەمەرەکانی سرووشـت، کلتـوور و یاخـود بـە دەرکپێکـردن و تێگەیشـتن لـە کەسـێکی تـر، واتـە لـە ڕێـگای عەشـقەوە.

سـێیەم: بـە دانبەخۆداگرتنـی ڕەنـج و ئـازار: مـرۆڤ کاتێـك رووبـەڕووی رەوشـێکی بێدەربـاز و چارەنووسـێکی نەگـۆڕ ئەبێـت بـەوە وەك نەخۆشـییەکی بێچارەسـەر، یـان تووشـبوون بـە جۆرێـك لـە شـێرپەنجە، ئـەم دەرفەتـەی دەسـتکەوتووە کـە بگاتـە باڵاتریـن بەهـاکان و قووڵتریـن واتـای ژیـان. (فرانـکل، ٢٠١٥، ل١٦٩ - ١٧٣) فرانـكل ئـازار و ناخۆشـیی ژیـان وەك سـەرچاوەیەکی گرنگـی واتـادان بـە ژیـان دەستنیشـیان ئـەکات و، پێیوایـە لـە قورسـترین بارودۆخەکانـدا مـرۆڤ مانایـەك بـۆ ژیانـی بدۆزێتـەوە.

٢. تیۆری ماسلۆ Abraham Maslow, ١٩٠٨ -١٩٧٠) )

لـە سـاڵی ١٩٦٢ ئەبراهـام ماسـلۆ کتێبەکـەی بەنـاوی (سـایکۆلۆژیای بـوون) بڵاوکـردەوە، لـەو چوارچێوەیەشـدا تیۆرەکـەی کوالیتـی ژیـان (Quality of life)ی دانـا. ماسـلۆ بنچینـەی تیۆرەکـەی لەسـەر بنەمـای گەشـەپێدان بـەرەو بەختەوەریـی و بوونێکـی راسـتینە بـۆ چەمکـی پێویسـتییەکانی مـرۆڤ خسـتەڕوو. ماسـلۆ ئـەم تێڕوانینـەی خـۆی بـە دەروونزانیـی بوونگەرایـی (Existentialistic Psychology) بـۆ بەدیهێنانـی خـود وەسـف کـرد.

ماسـلۆ پێداویسـتییەکانی مرۆڤـی بـۆ ٨ بەشـی سـەرەکیی لەشـێوەی هەرەمێکـدا خسـتەڕوو کـە پێکدێـت لـە پێداویسـتییە فسـیۆلۆجییەکان، پێویسـتی بـە ئارامـی و ئاسـایش، خۆشەویسـتیی و پێکەوەبـوون، پێداویسـتی ڕێزگرتـن، زانییـن و تێگەیشـتن، پێداویسـتی ئیسـتاتیك، بەدیهێنانـی خـود لـە لوتکـەی هەرەمەکەشـدا باڵابـوون.

بـەڕای ماسـلۆ تاوەکـو بەرپرسـیارێتی زیاتـر هەڵگریـن لـە ژیانـدا، ئـەوا زیاتـر تەیبەتمەندییـە باشـەکان وەرئەگریـن و بەکاریـان ئەهێنییـن، وە ئازاتـر و هێـز و بەختەوەریـی و تەندرووسـتییمان زیاتـر ئەبێـت. هـەر بۆیـە چەمکـی بەدیهێنانـی خـود (Self-Actualization) ئەتوانێـت ڕۆڵێکـی گرنـگ بگێڕێـت لـە پزیشـکی مۆدێرنـدا. لـەم روانگەیـەوە زۆرێـك لـە نەخۆشـییە درێژخایەنـەکان دەرناکـەون سـەرەڕای چارەسـەرە پزیشـکییەکان، بەڵکـو بـە گۆڕانێکـی ڕاسـتەقینە لـە مامەڵەکردنـی نەخۆشـەکەدا ئەبێـت لـە پێنـاوی باشـتربوون؛ ئەمـەش بریتییـە لـە تێگەیشـتن و ژیـان بـە ڕێگایەکـی درووسـت بـەرەو

گەشەکردنی کەسیی. گەشەدان بە توانا شاراوەکان بۆ باشترکردنی ژیان یارمەتی نەخۆش ئەدات بۆ دانپیدانان و سوپاسکردنی ئارەزووی بۆ ژیان و پێداویستییەکانی، هەروەها ئارەزووی بۆ بەشداریکردن، ئەم مانا شاراوەیەی ژیانیش تەنها لە رێگەی پشکنینێکی وردتر ژیان و بوونت بۆ ناسینی دەروونت بە قووڵی بەدەستدێت. (Ventegodt et al, ٢٠١٣, p١٠٥٠).

بەپیی تیۆرەکەی ماسلۆ مانای ژیان لە تێرکردنی پێداویستییە بنچینەییەکانی تاکەوە لە خواردن و خواردنەوە و هەستکردن بە ئاسایش و خۆشەویستیی و تاوەکوو بەدیهێنانی خود سەرچاوە ئەگرێت، ئینجا تاك توانای ئەوەی هەیە کە درك بە مەبەست و پەیامە بنچینەییەکانی ژیانی بکات، لەکاتێکدا هەندێ کەس رەنگە پێداویستییە بنچینەییە دونیاییەکانی تێریش بکرێت، بەڵام ناگات بە مانای ژیان و بوونی، ئەمەش ئاماژەیە بە کەموکوڕیی لە تیۆرەکەی ماسلۆدا لە روونکردنەوەی ئەو رێگایانەدا کە تاك ئەتوانێ مانای ژیانی تیدا بدۆزێتەوە. (عواتر،٢٠١٨، ص٦١).

٣. تیۆری ئالفرێد ئادلەر (Alfred adler ١٨٧٠- ١٩٣٧)

ئادلەر باوەڕی وایە مرۆڤ تەنها لەو کاتەدا ئەتوانێت بژیی، کە بزانێت ژیانی مانای هەیە، ئێمە وەك خۆیان و بەو شێوەیەی لە ئارادا هەن مامەڵەو بەرخورد لەگەڵ شتەکاندا ناکەین، بەڵکو بە شێوەیەك رەفتاریان لەگەڵدا ئەکەین کە ئاخۆ بۆ ئێمە چ مانایەك ئەگەیەنێت، واتا ئێمە ڕەفتار لەگەڵ شتە پەتییەکان و داماڵراوەکان(المجرد) ناکەین، بەڵکو لەمیانی خودی خۆمانەوە پێناسەیان ئەکەین و رەفتایان لەگەڵدا ئەکەین (ئادلەر، ٢٠١٤، ل٥). ئادلەر بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی بە نموونەی ئاسایی لەژیانی واقعی مرۆڤدا روون ئەکاتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات دار مانایەکی هەیە، کە وەك مرۆڤ پەیوەندیی پێمانەوە هەیە، هەروەها وشەی بەردیش وەك هۆکارێك لە هۆکارەکانی کاریگەری ژیانی مرۆڤ مانای هەیە.

## باسی دووەم: هەستکردن بە تاوان:

### یەکەم: چەمکی هەستکردن بە تاوان

هەستکردن بە تاوان یەکێکە لەو هەستە ناخۆشانەی بە درێژای مێژووی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا بووە کاتێ کە هەڵەیەك یان کارێکی کردووە دژ بە رێسا ئەخلاقییەکانی بوو بێ، ئەم رەنگدانەوەیە لە زۆرێك لە ئەدەبیاتی گەلاندا رەنگی داوەتەوە، پێش ئەوەی کە بە شێوەیەکی زانستیی لێی بکۆڵرێتەوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (ئۆتریب پاشا) کە نووسەری یۆنانی سۆفۆکلیس نووسیویەتی؛ باس لەوە ئەکات کاتێ ئۆتریب تاوانەکە ئەکات و پێی ئەزانێ بەهۆی ئەوەی هەستکردن بە تاوانێکی زۆری هەیە، هەردووو چاوی خۆی کوێر ئەکات.

تانگنی (Tangney ١٩٩٢) ئەڵێت، هەستکردن  بە تاوان، هەستکردنە بە پەشیمانیی و خەمخواردنە لە هەڵسوکەوت و رەوشتێکی دیاریکراو بەپیی ئەوەی سەرکۆنەی تەواوی خود بکەی، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە هەستکردن بە تاوان بە واتای کردنی تاوان نیە، بەڵکو مرۆڤ توشی هەستکردن بە تاوان ئەبێت بە هۆکاری جیاجیا، بۆ نموونە لەدەستدانی کەسێکی ئەزیز هەستکردن بە تاوان کە ئەو لە ژیاندا ماوە(survivor guilt)، ئەم هەستکردن بە تاوانە لای بەشێك لە رزگاربووانی زیندانەکانی دووەم جەنگی جیهانیی دەرئەکەوت کە خۆشەویستانیان لەگەڵیان بوون و گیانیان لەدەستداوە و ئەوان ماونەتەوە. ئەم هەستە لای بەشێك لە کەسوکاری ئەنفالکراوان و قوربانیانی هەڵەبجە و قوربانیانی شەری داعش هەیە، کە لە کاتی چاوپێکەوتنیان لەسەر رووداوەکان ئاماژەی بۆ ئەکەن، کاتێ ئەوان نەیانتوانیوە کە ئەزیزانیان رزگار بکەن و ئەوان ماونەتەوە و ئەزیزانیان تا ئیستا چارەنووسیان ناتراره.

لەلایەکی ترەوە هەستکردن بە تاوان دروست ئەبێت بەرئەنجامی تاوانێکی شەرانگێزانە بەرامبەر بە کەسێك یان چەند کەسێك، جا ئەم تاوانە بە لێدان بوو بێت یان بە قسەی بریندارکەر، یان بە کوشتن، زۆربەی کات دوای رووداوەکە کەسی بکەر هەست بە تاوان ئەکات بۆ ماوەیەکی کەم بێت یان بە درێژایی ژیانی، کە ئەم هەستکردن بە تاوانە ئەوەندە قورس ئەبێت کە پێویستی بە چارەسەری دەروونیی ئەبێت.(البرزنجی، ٢٠٠٩، ل ٩٩)

هیلین بلوك لویس(Helen block lewis١٩٧١) زۆرتر لە زاناکانی تر گرنگییان داوە بە چەمکی هەستکردن بە تاوان، کە بەشێوەی چەمکێکی سەربەخۆ بەکاریان هێنا لە چەمکی شەرمەزاریی. ئەو باوەڕی وابوو کە ئەو کارەی تاك ئەیکات ناوەندیی وروژاندنی هەستکردن بە تاوانە، لەبەرئەوە راڤەی خود بۆ رووداوو کارەکان کە تاك ئەیکات سەرچاوەیە بۆ هەستکردن بە تاوان. (الشبۆون، ٢٠١١، ص ٥٩)

زانایانی دەرونزانی رای جیاوازیان هەیە لەسەر چەمکی هەستکردن بە تاوان، زانا (مورای) باوەڕی وایە کە هەستکردن بە تاوان (دڵەراوکێی کۆمەڵایەتیی ) یان ترسی کۆمەڵایەتیی کە بەرئەنجامی پەیوەندیی مەرجی نێوان هەڵە و سزایە، بە رای ماندن و واتسۆن(Manden & watson) دڵەراوکێی هەستکردن بە تاوان بەرئەنجامی نشوستیی و بەربەستە لە بەدییهێنانی ئامانجەکان، بەڵام هەندێ لە زانایانی تر وای ئەبینن کە هەستکردن بە تاوان دوژمنکارییەکە بۆ سزادانی خود.

هەندێ لەزانایانی تر لەژێر ناونیشانی ترا باسی هەستکردن بە تاوانیان کردووە، وەك شەرمکردن، سەرزەنشتی ویژدان، یان نموونەی باڵا. یۆنگ (Yong ١٩٤٣) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بۆ دۆخە دەروونییەکان، ئەڵێت هەستکردن بە تاوان دۆخێکی دەروونییە دوای ئەوەی تاك کارێك ئەکات کە دژی رەوشت و ئاین و یاسا و نەریتەکان بێت (صالح، ٢٠١١، ل٣).

**دووەم: جۆرەکانی هەستکردن بە تاوان**

دوو جۆری سەرەکیی هەستکردن بە تاوان هەیە کە ئەمانەن:

یەکەم: هەستکردن بە تاوانی ئەرێنیی:

مەبەستمان لەم هەستکردن بە تاوانە ئەوەیە کە هانی خاوەنەکەی ئەدات بۆ کاری باش، کاتێ کەسەکە هەست بە تاوان و پەشیمانی ئەکات لە کارێك، بەرئەنجامی ئەم هەستە ئیتر هەرگیز ناگەرێتەوە سەر ئەو کارە خراپەی کە کردوویەتی.

هەستکردن بە تاوان بە برێکی ئاسایی پێویستە بۆ مرۆڤ، ئەم هەستە ئاگادارمان ئەکاتەوە کاتێ کارێکی خراپ یان عەیبە ئەکەین، هەربۆیە مەرج نییە مرۆڤ ئەبێت خراپ بێت ئینجا هەست بە تاوان بکات، بەڵکو هەست بە تاوان ئەکات بەهۆی ئەوەی رفتارێکی کردووە کە جێگەی رەزامەندیی ئەو نییە.

ئەم جۆرە لە هەستکردن بە تاوان خواستی تاکە بۆ چاکسازیی لە خوددا تا خۆی بگونجێنێ لەگەڵ خۆی و ئەوانی تر . (صالح، ٢٠١١، ل ٣٨)

دووەم: هەستکردن بە تاوانی نەرێنیی:

هەستکردن بە تاوانێکی وەهمییە کە ئەبێت بە بەربەست لەبەردەم بیرکردنەوەی تاك و گەورەکردنی هەڵەکان وەکو ئەوەی لای نەخۆشانی خەمۆکیی هەیە، کە یەکێکە لە کێشە دەروونییەکان کە ئەشێ ببێت بە بەربەست لەبەردەم تاك بۆ رۆڵە کۆمەڵاتییەکانی و هەروەها بۆ خۆگونجاندن و گەشەکردنی.

(سیلینیکوف) وای ئەبینێ کە هەستکردن بە تاوانی ئەرێنیی وا لە خاوەنەکەی ئەکات کە هەست بکات هەڵسوکەوتەکانی نەشیاون و گونجاو نیین بۆ هەر کارێك، کە ئەمەش وای لێ ئەکات کە هەست بە ئازار و خەم و خەفەت و خراپی و توندوتیژیی و، هەستکردن بە تاوانی ئەرێنیی لە پشت سزادانی خود و رەخنەگرتنی خودەوەیە کە ئەم دووانە ئەبن بە هۆی ئازار لە ژیانی رۆژانەدا.

سێیەم: تیۆریەکانی راڤەکردنی هەستکردن بە تاوان:

بۆ هەر دیاردەیەک کە پەیوەست بێت بە مرۆڤ تیۆر و لێکدانەوە و بۆجوونی جیا هەیە، کە بەپێی هەریەك لە زانایان و قوتابخانە دەروونییەکان جیاوازییان هەیە: لێرەدا باسی چەند تیۆرییەك ئەکەین.

**یەکەم: تیۆری شیکردنەوەی دەروونیی**

فرۆید یەکێکە لە تیۆریستە سەرەتاییەکانی دەروونزانیی، کە چەمکی (هەستکردن بە تاوان)ی بەکارهێناوە، بەو پێیەی چاودێریی و سەرزەنشتی (منی باڵا) بۆ من بەرئەنجامی ئەو کارانەی من ئەیکات، ئەویش بە مەبەستی دامرکاندنەوەی پاڵنەرە شەرانگێزییەکانی. چەمکی هەستکردن بە تاوان لای فرۆید لە هەوڵدانیدا بۆ راڤەکردنی بنەماکانی دەمارگیریی سەرچاوەی گرتووە. (علاءالترن،٢٠٠٢، ص ٢)

بە مانایەکی تر هەستکردن بە تاوان دڵەراوکێیەکە بەرەو منی باڵا، پاڵنەری ئەم دڵەراوکێیەش پێویستیە بۆ بێتاوانیی، بۆیە هەستکردن بە تاوان ئازارێکی دەروونییە کە تاك لە ناخیدا هەستی پێ ئەکات یان گفتوگۆیەکە تاك لەگەڵ خۆیدا ئەیکات، ئەگەر بە مانا فرۆیدییەکەی بڵێین، لە نێوان (من و منی باڵا)دا، لەسەر ئەوەی کە هەڵەیەك یان تاوانێك کراوە، هەندێ کات ئەم هەستانە ناراستن و زیادەرۆیی تیا ئەکرێت، کە پەیوەندیی نییە بە هەڵەیەکی دیار و واقعییەوە، کە هەندێ کات تاك سەیری هەڵەکانی ئەکات لەوەی کە وا هەست ئەکات کەسانی چواردەوری زۆر ئاگاداری ئەو رەفتارەین، تا ئەگاتە ئاستی سووکایەتییکردن بە خود، بەڵام هەندێ کات تاك هەستکردن بە تاوان کەم ئەکاتەوە تا رادەی کەمتەرخەمیی و هەستنەکردن بە بەرپرسیاری هەڵەیەك یان رەفتارێکی نەشیاو. (عبدسلطان، ٢٠١٥، ص ٤٥٧)

ارن هۆرنای (Horney) بە شێوەی کلینیکیی، لێکۆڵینەوەی کردووە لەسەر گرفتە دەروونییەکان، هاوڕایە لەگەڵ فرۆید کە باوەڕی وایە هەستکردن بە تاوان بەرئەنجامی شڵەژانە لە پەیوەندییەکانی (ئەو ، من ، منی باڵا)دا. ئەو ئەڵێت کە هەستکردن بە تاوان رۆڵێکی سەرەکیی ئەبینێ لە درووستکردنی نیشانەکانی پەشێوییە دەمارییەکان.

هۆرنای چەمکی(تۆمەتەکانی دژی خود Self-recrimination)ی بەکارهێنا کە بە مانای خواستی هەندێك لە مرۆڤ دێت بۆ بەرگەگرتنی خۆ لۆمەکردن لە بەرامبەر رووداوێکی ناخۆشدا، ئەم لۆمەکردن و تۆمەتبارکردنی خودە بەردەوام ئەبێت سەرەڕای ئەوەی کە رەنگە بەو شێوە لۆمەکردنە زۆر پێویست نەبێت.

ئەریك فرۆم لە قوتابخانەی دەروونشیکارییدا بۆچونێکی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی خستەڕوو، ئەو ئەڵێت: خەڵکی رێزی یاسا ئەگرن نەك لەبەر ئەوەی کە ئەترسن، بەڵکو هەست بە تاوان ئەکەن ئەگەر لەیاسا دەرچن، ئەم هەستە کەم نابێتەوە تەنها بە لێبوردن نەبێت، ئەمەش تەنها دەسەڵات ئەتوانێ ئەوە بکات، مەرجەکانی ئەم لێبوردنەش بە پەشیمانبوونەوەی تاوانکار لەسەر کارەکەی ئەبێت. ئەم سزایەش قبوڵ ئەکرێت تا کەسەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ملکەچیی. (البرزنجی، ٢٠٠٩، ل١٠٣)

ئەریك ئەریکسۆن (Erikson) کەسایەتی مرۆڤی کردووە بە هەشت قۆناغی گەشەوە، قۆناغی سێیەم بریتیە لە قۆناغی

دەستپێشکەریی بەرامبەر بە هەستکردن بە تاوان، ئەو باس لەوە ئەکات کە هەستکردن بە تاوان لای منال دەرئەکەوێت کاتێك سەرکوت ئەکرێت لە هەڵبژاردنی شتێك یان یارییەك، یان بەربەرست لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ململانێ لەنێوان تێرکردنی ئارەزووەکانی منالیی و ئەو ئاراستەخودییانەی کە منی بالا ئەیسەپێنێ. (عبدسلطان، ٢٠١٥، ص٤٦٠).

**دووەم: قوتابخانەی رەوشتایەتی:**

قوتابخانەی رەوشتایەتی کە زۆرتر جەخت لە کاریگەری ژینگە ئەکاتەوە لەسەر مرۆڤ، واتسۆن و سکنر کە دوو رابەری قوتابخانەی رەوشتایەتیین باوەریان وایە کە هەستکردن بە تاوان بەرئەنجامی شکستی مرۆڤە لە فێربوونی رەفتاری گونجاو، یان شکستی لە دارشتنی شتەکان بە شێوەیەکی نموونەیی، یان ئاستی لە جیاکردنەوەی کامە خراپەو کامە چاکە. (الشبۆن ، ٢٠١١، ص٦٥)

**سێیەم: قوتابخانەی مەعریفی:**

بە بۆچوونی قوتابخانەی مەعریفیی هەستکردن بە تاوان یەکێکە لە چەمکە ئالۆزەکان لە دەرونزانییدا، کە هاوشێوەی چەمکەکانی وەك (ئازار ، پەشیمانیی ، شەرمەزاریی)یە، هەستکردن بە تاوان حالەتێکی دەروونیی تایبەتی ئازاربەخشە کە لە ویژدانی تاکەوە هەڵئەقوڵێ، ئەمەش بەرئەنجامی کردنی رەفتارێکی نەگونجاوە کە زۆر بۆی بەداخە، ئەمەش وا ئەکات هەستکردن بە تاوانێکی ئازاراوی بۆ درووست بکات. (أبومرق، ٢٠١٥: ٣)

بەشی سێیەم: لایەنە کردارییەکانی توێژینەوەکە

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران میتۆدی (وەسفیی)یان بەکارهێناوە بۆ زانینی ئاستی مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان لای نموونەی توێژینەوەکە، چونکە ئەم میتۆدە زیاتر لەگەڵ سرووشتی توێژینەوەکە ئەگونجێت.

توێژینەوە وەسفییەکان بایەخ ئەدەن بە بارودۆخ و پەیوەندییە هەبووەکان و پیادەکردنی باو و بیروباوەڕ و روانگە و بەها و ئاراستەکانی خەڵک لە پاڵ ئەو پرۆسە و کارتێکەرانەی کە تاکەکان هەستی پێ ئەدەن لەگەڵ ئەو ئاراستە و رەوتانەی کە لە گەشەسەندندان، توێژینەوەی وەسفیی لە هەندێک باردا بایەخ بە توێژینەوەکردنی پەیوەندیی نێوان ئەوەی هەیە لەگەڵ رووداوە پێشینەکان ئەدات، کە رەنگە کاریگەریی لەسەر رووداو و بارودۆخەکان هەبێت. (ئەبراش، ٢٠١٣، ل٢٤١- ٢٤٢)

**ئامرازی توێژینەوە**

بۆ کردنی توێژینەوەکە توێژەران فۆرمی راپرسییان بەکارهێناوە وەك ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی، فۆرمەکەش پێکدێت لە سێ بەش بەشی یەکەم ٥ پرسیاری گشتیی لەخۆئەگرێت، بەشی دووەم بریتییە لە بڕگەکانی تایبەت بە مانای ژیان کە لە ٢٧ برگە پێکهاتووە. بەشی سێیەم پێکدێت لە بڕگەکانی تایبەت بە هەستکردن بە تاوان کە لە ٣٥ برگە پێکهاتووە. بۆ ئامادەکردنی فۆرمەکە لە بڕگەکانی تایبەت بە مانای ژیان سوود بینراوە لە پێوەری هەریەک لە (يمينة جاب الله ٢٠١٦) و (د.سهام مطشر معيجل) و (هارون توفيق الرشيدي١٩٩٦)، بۆ بڕگەکانی تایبەت بە هەستکردن بە تاوان سوود بینراوە لە پێوەری هەستکردن بە تاوان (م.م قادر صالح حسين، ٢٠١١).

ڕاستگۆیی پێوەرەکە:

توێژەران بەمەبەستی ڕاستگۆیی بڕگەکانی پێوەرەکە پشتیان بەست بە ڕێگای ڕاستگۆیی ڕواڵەتیی، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران فۆرمی پێوەریان بەسەر (٥) کەسی پسپۆڕ٣ دابەش کرد بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتیی لەسەر بڕگەکانی پێوەرەکە بە ڕێژەی (٩٢.٨٥٪) ڕازیی بوون.

کۆی گشتیی بڕگەکانی فۆرمەکە = (٧٠) بڕگە، ژمارەی پسپۆران (٥) پسپۆڕ

کۆی بڕگەکان= ژمارەی بڕگەکانی فۆرمەکە × ژمارەی پسپۆڕەکان

=٧٠ × ٥ = ٣٥٠ بڕگە

ژمارەی بڕگە درووستەکان = ٣٢٥  ژمارەی بڕگە نادرووستەکان = ٢٥ بڕگە

ڕاستێتی گشتی فۆرم = کۆی گشتی بڕگە درووستەکان ÷ ژمارەی بڕگەکانی ئامراز × ١٠٠

= ٣٢٥ ÷ ٣٥٠ × ١٠٠ = ٩٢.٨٥٪ ڕاستێتی ئامرازی پێوانەکردن

جێگریی بڕگەکانی پرسیارنامەکە:

توێژەران ڕێگای (ئەلفا کرۆنباخ) یان بەکارهێناوە بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری بڕگەکانی پرسیارنامەکە، وەک لە خشتەی (١) ڕوونکراوەتەوە.

نەخشەی (١) ڕاستی جێگیری ( مقايس كرونباخ الفا )

| پێوەری گشتی | بەهای جێگیری ( مقايس كرونباخ الفا ) |
|---|---|
| مقايس كرونباخ الفا | 0.913 |

وەک لە نەخشەی (١) دەردەکەویت بەهای جیگیری بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێگەی (مقايس كرونباخ الفا) ئەکاتە (٠,٩١٣) کە گەورەترە لە بەهای (٠,٦٥) ئەمەش بەهایەکی باش دەردەخات، ئاماژەیە بۆ جێگیری باش لە پرسیارەکاندا.

ئامرازە ئامارییەکان

١)ڕێژهیی سەدی = $\frac{\text{بەش} \times 100 \ \text{بەش} \times 100}{\text{کۆی گشتی} \quad \text{کۆی گشتی}}$

٢) ناوەندیی ژمێرەیی (الوسط الحسابي - Maen) بۆ دەرهێنانی ناوەندیی گۆڕاوی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕاپرسییەکەدا.

ناوەندی ژمێرياری کێشکراو (الوسط الحسابي الموزون) (Weight Mean)

$$\bar{X}_w = \frac{\sum_{i=1}^{n} x_i w_i}{\sum_{i=1}^{n} w_i}$$

٣) لادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري - Standard Deviation) بۆ دەرهێنانی بڵاوەی بەهاییەکان لە ناوەند.

$$Stander\ deviation\ (S.D)_w = \sqrt{\frac{\sum_{i=1}^{n} w_i (x_i - \bar{x}_w)^2}{\sum_{i=1}^{n} w_i - 1}}$$

٤) هاوکێشـەی بەیوەسـتی سـپێرمان (Sperman -rank Correlation Coefficient) بـۆ دەرهێنانـی پەیوەندیـی نێـوان

$$Correlation\ (r) = 1 - \frac{6 \sum_{i=1}^{n} {d_i}^2}{n\ (n^2 - 1)}$$

٥)هاوکێشەی (Rnak Simple Regression Model) بۆ دەرهێنانی پەیوەندیی و رۆڵی گۆڕاوێکی ناسەربەخۆ بۆ گۆڕاوێکی سەربەخۆ. وەکو گۆڕاوی (x) (x,y) بریتیە لە گۆڕاوێکی سەربەخۆ وە (y) بریتیە لە گۆڕاوێکی ناسەربەخۆ

$$Y_i = \beta_o + \beta_1 x_i + e_i$$

٦)تاقیکردنەوەی (Independent samples T-Test)

٦)تاقیکردنەوەی (One way ANOVA, F-Test)

بەشی چوارەم: خستنەڕوو شیکردنەوەی ئەنجامەکان

یەکەم: تەیبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکە

خشتەی (٢) زانیاری گشتی نموونەی توێژینەوەکە

| زانیاری گشتی | | Fr.(%) | پلە بەندیی | زانیاری گشتیی | | Fr.(%) | پلە بەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن (ساڵ) | < 25 | 17.0))17 | 3 | ئاستی خوێندن | نەخوێنەوار | 8.0))8 | 4 |
| | 25 – 34 | 47.0))47 | 1 | | سەرەتایی | 28.0))28 | 2 |
| | 35 – 44 | 23.0))23 | 2 | | ناوەندیی | 32.0))32 | 1 |
| | 45 - 54 | 6.0))6 | 5 | | ئامادەیی | 26.0))26 | 3 |
| | > 54 | 7.0))7 | 4 | | دبلۆم | 5.0))5 | 5 |
| رەگەز | نێر | 100))100 | 1 | | بەکالوریوس | 1.0))1 | 6 |
| | مێ | 0.0))0 | 2 | باری خێزانیی | سەڵت | 49.0))49 | 1 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوشار | 65.0))65 | 1 | | خێزاندار | 41.0))41 | 2 |
| | دەرەوەی شار | 35.0))35 | 2 | | جیابوووە | 10.0))10 | 3 |
| **کۆی گشتیی** | | **100.0))100** | | **کۆی گشتیی** | | **100.0))100** | |
| تێبینیی // (Fr. : Frequency) دووبارە بوونەوە | | | | | | | |

خشتەی (٢) زانیاری گشتیی نموونەی توێژینەوەکە روون ئەکاتەوە: دەرئەکەوێت بەرزترین ئاستی تەمەن بریتییە لە تەمەنی نێوان (٢٥ – ٣٤)ساڵ کە بە رێژەی (٤٧٪) هەروەها تەمەنی نێوان (٣٥ – ٤٤)ساڵ بەرێژەی (٢٣٪)، بەرزترین ئاستی خوێندن بریتیە لە بڕوانامەی (ناوەندیی) بە رێژەی (٣٢٪)، بڕوانامەی (ئامادەیی) بە رێژەی (٢٦٪). بە رێژەی (٤٩٪) باری خێزانیی بریتیە لە (سەڵت)، بە رێژەی (٤١٪) باری خێزانیی بریتیە لە (خێزاندار)، هەروەها بە رێژەی (٦٥٪) شوێنی نیشتەجێبوونیان بریتییە لە (ناوشار) هەروەها بە رێژەی (٣٥٪) شوێنی نیشتەجێبوونیان بریتییە لە (دەرەوەی شار).

بەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرئەکەوێت کە زۆرینەی ئەو سزادراوانەی کە تاوانی کوشتنیان کردووە ئاستی خوێندنیان قۆناغی بنەڕەتییە، هەروەها زۆرینەیان باری خێزانییان سەڵتن و رێژەیەکی زۆریشیان نیشتەجێی ناوشارن. بەشێکی زۆر لەم سزادراوانە لەناو چاکسازیدا دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ خوێندن و درێژە بەخوێندن ئەدەن.

دووەم: ئاستی مانای ژیان و پەیوەندیی بە هەستکردن بە تاوان لای ئەو کەسانەی تاوانی کوشتنیان کردووە

خشتەی (٣) ئاستی مانای ژیان و پەیوەندیی بە هەستکردن بە تاوان روون ئەکاتەوە

| تەوەرەی نوێژینەوە | ژ. بڕگەکان | هەرگیز | بە دەگمەن | هەندێ کات | زۆر کات | هەمیشە | کۆی گشتی | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | Mean | S.D | RI | Result |
| | | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | % | | | | |
| مانای ژیان | 30 | 246 | 172 | 534 | 860 | 988 | 2800 | 3.78 | 1.24 | 75.6 | زۆر کات |
| | | 8.79 | 6.14 | 19.07 | 30.71 | 35.29 | 100.0 | | | | |
| هەستکردن بە تاوان | 35 | 951 | 288 | 525 | 841 | 895 | 3500 | 3.13 | 1.55 | 62.6 | هەندێ کات |
| | | 27.17 | 8.23 | 15.00 | 24.03 | 25.57 | 100.0 | | | | |
| **کۆی گشتی** | 65 | 1197 | 460 | 1059 | 1701 | 1883 | 6300 | 3.46 | 1.40 | 69.10 | زۆر کات |
| | | 19.00 | 7.30 | 16.81 | 27.00 | 29.89 | 100.0 | | | | |

پێوەری لیکارت بۆ (٥) بژاردەیی : (١،٠- ١،٧٩: هەرگیز) ، (١،٨٠- ٢،٥٩: بە دەگمەن) ، (٢،٦٠- ٣،٣٩: هەندێ کات) ، (٣،٤٠- ٤،١٩: زۆر کات) ، (٤،٢٠- ٥،٠: هەمیشە)

خشتەی سەرەوە (ئاستی مانای ژیان و پەیوەندیی بە هەستکردن بە تاوان) روون ئەکاتەوە کە بەکۆی گشتی هەردوو فۆرمەکە لە (٦٥) پرسیار پێک دێت کە مانای ژیان (٣٠) بڕگە و، فۆرمی هەستکردن بە تاوان (٣٥) پرسیار: لە تەوەرەی (مانای ژیان) دەرئەکەوێت بەشێوەیەکی گشتیی لە کۆی (٣٠) پرسیارەکە ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەرگیز) ئەکاتە (٨،٧٩٪) ، ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (بە دەگمەن) ئەکاتە (٦،١٤٪) هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەندێ کات) ئەکاتە (١٩،٠٧٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (زۆر کات) ئەکاتە (٣٠،٧١٪) ، ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەمیشە) ئەکاتە (٣٥،٢٩٪)،هەروەها کە ناوەندیی ژمارەیی کێشکراو بەشێوەیەکی گشتیی (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) ئەکاتە (٣،٧٨) کە دەریدەخات ئەنجامی ئەم تەوەرەی (مانای ژیان) لە لایەن لێتوێژراوان کە بەگوێری (مقاييس ليكات الخماسی) ئەنجامی ئەکاتە (زۆر کات) هەروەها کە گرنگیی ڕێژەیەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم تەوەرەی (مانای ژیان) دەرئەکەوێت بە شێوەیەکی گشتیی لە کۆی (٣٠) پرسیارە ئەکاتە (٧٥،٦٪) گرنگیی ڕێژەیی هەیە لەلای نموونەی لێتوێژراوان هەروەها لادانی پێوانەیی ئەکاتە (١،٢٤).

لە تەوەرەی (هەستکردن بە تاوان) دەرئەکەوێت بەشێوەیەکی گشتیی لە کۆی (٣٥) پرسیارە کە ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەرگیز) ئەکاتە (٢٧،١٧٪) ، ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (بە دەگمەن) ئەکاتە (٨،٢٣٪) هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەندێ کات) ئەکاتە (١٥،٠٠٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (زۆر کات) ئەکاتە (٢٤،٠٣٪) ، ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەمیشە) ئەکاتە (٢٥،٥٧٪)،هەروەها کە ناوەندیی ژمارەی کێشکراو بەشێوەیەکی گشتی (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) ئەکاتە (٣،١٣) کە دەریدەخات ئەنجامی ئەم تەوەرەی (هەستکردن بە تاوان) لە لایەن لێتوێژراوان کە بەگوێری (مقاييس ليكات الخماسی) ئەنجامی ئەکاتە (هەندێ کات) هەروەها کە گرنگیی ڕێژەیەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم تەوەرەی (هەستکردن بە تاوان) دەرئەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (٣٥) پرسیارە ئەکاتە (٦٢،٦٪) گرنگیی ڕێژەی هەیە لەلای لێتوێژراوان هەروەها لادانی پێوانەیی ئەکاتە (١،٥٥).

بەکۆی گشتی بۆ هەردووو تەوەرەی (مانای ژیان - هەستکردن بە تاوان) دەرئەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (٦٥) پرسیارە کە ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەرگیز) ئەکاتە (١٩،٠٠٪) ، ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی

(بە دەگمەن) ئەگاتە (٧,٣٠٪) هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەندێ کات) ئەکاتە (١٦,٨١٪) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (زۆر کات) ئەکاتە (٢٧,٠٠٪) ، ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەمیشە) ئەکاتە (٢٩,٨٩٪)، هەروەها کە ناوەندیی ژمارەی کێشکراو بەشێوەیەکی گشتی (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) ئەکاتە (٣,٤٦) کە دەربدەخات ئەنجامی بۆ هەردووو تەوەرەی (مانای ژیان - هەستکردن بە تاوان) لە لایەن لێتوێژراوان کە بەگوێری (مقاييس ليكات الخماسي) ئەنجامی ئەکاتە (زۆر کات) هەروەها کە گرنگی ڕێژەیەکەشی (Relative Important) بۆ هەردووو تەوەرەی (مانای ژیان - هەستکردن بە تاوان) دەرئەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (٦٥) پرسیارە ئەکاتە (٦٩,١٠٪) گرنگی ڕێژەی هەیە لەلای نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها لادانی پێوانەی ئەکاتە (١,٤٠).

بەرای توێژەران ئاستی بەرزیی مانای ژیان لای لێتوێژراوان ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک؛ لەوانە جێبەجێنەکردنی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان و بوونی لێخۆشبوونی گشتیی، کە ساڵانە یان چەند ساڵ جارێک بۆ سزادراوان دەرئەچێت، هەروەها کارکردنی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی سزادراوان و بەهێزکردنی لایەنی دەروونییان ڕۆڵی هەیە لەسەر بەرزیی ئاستی مانای ژیان، جگەلەوەی هەریەک لە لێتوێژراوان ڕایەڵەیەکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان بە کۆمەڵگەوە ماوە لە ڕێگەی ئاسانکاری چاکسازییەکان بۆ یەکتربینینیان لەگەڵ خانەوادەکانیان. لەکاتێکدا ئاستی هەستکردن بە تاوانیان هەندێ کاتە واتە ماناوەندە، بەڕای توێژەران ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بیکردنەوەیان لە تاوانەی کردوویانە.

تەوەری سێیەم: پەیوەندیی و ڕۆڵ و ئەرکی نێوان (مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان) لای نموونەی توێژینەوەکە

گریمانەی یەکەم: پەیوەندیی نێوان مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان

خشتەی (٤) زانینی پەیوەندیی نێوان مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان روون ئەکاتەوە

| گۆڕاوەکان | مانای ژیان | | |
|---|---|---|---|
| | پەیوەندیی (الارتباط) | ئاستی بەڵگەداریی ( الدالة الاحصائية) (P-value) | |
| **هەستکردن بە تاوان** | 0.457 | 0.000 | 0.05 > |

$H_0$: پەیوەندیی ئاماژەیی ئاماریی نیە لە نێوان مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان

$H_1$: پەیوەندیی ئاماژەیی ئاماریی هەیە لە نێوان مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان

لە خشتەی (٤)دا دەرئەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە لە نێوان (مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان) کە بەهاکەی ئەکات (٠,٤٥٧)، کە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە پەیوەندییەکی ئاماریی راستەوانەی لاوازیان هەیە لە نێوان (مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان) هەرەوەها پەیوەندییەکی بەڵگەدارە لەبەر ئەوەی (ئاستی بەڵگەداریی P-value- ) بچووکترە لە بەهای (٠,٠٥)، کەواتە قبڵولی گریمانەی ( $H_1$) ئەکەین و ڕەفزی گریمانەی ( $H_0$) ئەکەین.

٢- ڕۆڵی زانینی مانای ژیان لەسەر هەستکردن بە تاوان.

گریمانەی دووەم: ڕۆڵی زانینی مانای ژیان لەسەر هەستکردن بە تاوان

خشتەی (٥) ڕۆڵی زانینی مانای ژیان لەسەر هەستکردن بە تاوان روون ئەکاتەوە

| ANOVA Table (F-test) | | | معامل التحترد | ئاستی بەڵگەداریی | تاقیکردنەوەی ت | المعلمات | نموذج Model |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهای تاقیکردنەوەی ف | | درجه الحریه | | | | | |
| قیمة F | | D.F | $R^2$ | Sig. (الدلاله) | T (اختبار) T-test | B | |
| 25.869 | | 1 | 0.209 | 0.000 | 4.138 | 1.412 | جێگیر (ثابت) |
| Sig. (الدلاله) | 0.000 | 98 | | 0.000 | 5.086 | 0.454 | زانینی مانای ژیان |

$H_0$: زاننی مانای ژیان رۆڵی نیه له سەر هەستکردن بە تاوان

$H_1$: زانینی مانای ژیان رۆڵی هەیە له سەر هەستکردن بە تاوان

تەی (٥) رۆڵی زانینی مانای ژیان لەسەر هەستکردن بە تاوان روون ئەکاتەوە لە ڕێگەی مۆدێلی (Regression Model)، بەگوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی ف (ANOVA Table -F-Test): روونی ئەکاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Regression Model) چونکە ئاستی بەڵگەداریی(Sig.) بچووکترە لە ئاستی بەڵگەداریی (مستوى المعنوي) ی (٠,٠٥).

بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی ت) بۆ (زانینی مانای ژیان) ئەکاتە (٥,٠٨٦) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٠٠) دەرئەکەوێت (زانینی مانای ژیان (رۆڵی هەیە لە لە ڕەنگدانەوەی لەسەر (هەستکردن بە تاوان) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداریی (Sig.) بچووکترە لە (٠,٠٥)، کەواتە قبووڵی گریمانەی ($H_1$) ئەکەین و ڕەفزی گریمانەی ($H_0$) ئەکەین.

هەروەها بە گوێرەی بەهای (معامل التحترد R2-) کە ئەکاتە (٠,٢٠٩) واتە بە ڕێژەی (٪٢٠,٩) ئاستی (زانینی مانای ژیان) رۆڵی هەیە لەسەر (هەستکردن بە تاوان) ڕەنگ ئەداتەوە، بەواتایەکی تر (زانینی مانای ژیان) بە ڕێژەی (٪٢٠,٩) رۆڵی هەیە لە لەسەر (هەستکردن بە تاوان).

واتە تاوەکو مانای ژیان لای لێتوێژراوان ئاستی بەرز بێت، ئاستی هەستکردن بە تاوانیش بەرز ئەبێتەوە، توێژەران ئەم ئەنجامە وا راڤە ئەکەن کە بوونی مانای ژیان لای سزادراوان هەندێ کات هانیان ئەدات بۆ کردنی رەفتاری ئەرێنیی، ئەمەش وا ئەکات کە رۆڵی هەبێت لەسەر هەستکردن بە تاوان.

تەوەرەی چوارەم: ئاستی مانای ژیان و پەیوەندیی بە هەستکردن بە تاوان لای ئەو کەسانەی تاوانی کوشتنیان کردووە

گریمانەی سێیەم: جیاوازی لە هەستکردن بە تاوان و مانای ژیان بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون

خشتەی (٦) جیاوازی لە هەستکردن بە تاوان و مانای ژیان بەپێی گۆڕاویی: شوێنی نیشتەجێبوون روون ئەکاتەوە

| تەوەرەی نوێژینەوە | ژ. برگەکان | برگەی (شوێنی) نیشتەجێبوون) | ناوەندە ژمارەیی Mean | لادانی پێوانەیی S.D | تاقیکردنەوەی ت T-tes | ئاستی بەڵگەداریی p-value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مانای ژیان | 30 | ناوشار | 3.782 | 0.601 | 0.147 | 0.884 |
| | | دەرەوەی شار | 3.763 | 0.662 | | |
| هەستکردن بە تاوان | 35 | ناوشار | 3.178 | 0.630 | 1.144 | 0.255 |
| | | دەرەوەی شار | 3.030 | 0.583 | | |
| کۆی گشتیی | 65 | ناوشار | 3.480 | 0.526 | 0.752 | 0.452 |
| | | دەرەوەی شار | 3.397 | 0.533 | | |

پێوەری لیکارت بۆ (٥) بژاردەیی : (١,٠- ١,٧٩: هەرگیز) , (١,٨٠- ٢,٥٩: بە دەگمەن) , (٢,٦٠- ٣,٣٩: هەندێ کات) , (٣,٤٠- ٤,١٩: زۆر کات) , (٤,٢٠- ٥,٠: هەمیشە)

خشتەی (٦) جیاوازی لە هەستکردن بە تاوان و مانای ژیان بەپێی گۆڕاوی: شوێنی نیشتەجێبوون بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test) روون ئەکاتەوە، بەپێی ئەم ئەنجامە دەرئەکەوێت جیاوازیەکی ئاماریی بەڵگەدار نیە لە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەریەک لە برگەکانی (مانای ژیان) کە ئاستی بەڵگەداری ئەکاتە (٠,٨٨٤=p-value) وە برگەی (هەستکردن بە تاوان) کە ئاستی بەڵگەداریی ئەکاتە (٠,٢٥٥=p-value) هەروەها کۆی هەردووو برگەی (مانای ژیان - هەستکردن بە تاوان) کە ئاستی بەڵگەداریی ئەکاتە (٠,٤٥٢=p-value) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەدارییان (p-value) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥).

بە پێی شیکاری دەرئەنجامەکان سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون دەرئەکەوێت ژینگەی کۆمەڵایەتی ناو شار و دەرەوەی شار رۆڵی نییە لەسەر تێروانینی لێتوێژراوان سەبارەت بە مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان. ئەمەش بەشێکی ئەگەرێتەوە بۆ گەسەندنی کۆمەڵگە کەمبوونەوەی جیاوازییەکانی ژیان لە نێوان شار و لادێ دا بەهۆکاری ئینتەرنێت و ئاسانکاری گواستەوە و ..هتد.

گریمانەی چوارەم: جیاوازی لە هەستکردن بە تاوان و مانای ژیان بەپێی گۆڕاویی: دۆخی کۆمەڵایەتیی

خشتەی (٧) جیاوازی لە هەستکردن بە تاوان و مانای ژیان بەپێی گۆڕاوی: دۆخی کۆمەڵایەتیی روون ئەکاتەوە

| تەوەرەی نوێژینەوە | ژ. برگەکان | برگەی (باری خێزانی) | ناوەندە ژمارەیی Mean | لادانی پێوانەیی S.D | تاقیکردنەوەی ف F-tes | ئاستی بەڵگەداریی p-value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مانای ژیان | 30 | سەڵت | 3.751 | 0.696 | 0.09 | 0.914 |
| | | خێزاندار | 3.791 | 0.539 | | |
| | | جیابۆوە | 3.832 | 0.583 | | |
| هەستکردن بە تاوان | 35 | سەڵت | 3.076 | 0.700 | 0.717 | 0.491 |
| | | خێزاندار | 3.135 | 0.466 | | |
| | | جیابۆوە | 3.331 | 0.723 | | |
| کۆی گشتیی | 65 | سەڵت | 3.414 | 0.601 | 0.435 | 0.648 |
| | | خێزاندار | 3.463 | 0.416 | | |
| | | جیابۆوە | 3.582 | 0.575 | | |

پێوەری لیکارت بۆ (٥) بژاردەیی : (١,٠- ١,٧٩: هەرگیز) , (١,٨٠- ٢,٥٩: بە دەگمەن) , (٢,٦٠- ٣,٣٩: هەندێ کات) , (٣,٤٠- ٤,١٩: زۆر کات) , (٤,٢٠- ٥,٠: هەمیشە)

خشتەی (٧) روونی ئەکاتەوە جیاوازی لە هەستکردن بە تاوان و مانای ژیان بەپێی گۆڕاوی: دۆخی کۆمەڵایەتیی بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (F-test) دەرئەکەوێت جیاوازیەکی ئاماریی بەڵگەدار نیە لە باری خێزانی بۆ هەریەک لە بڕگەکانی (مانای ژیان) کە ئاستی بەڵگەداریی ئەکاتە (٠,٩١٤=p-value) وە بڕگەی (هەستکردن بە تاوان) کە ئاستی بەڵگەداریی ئەکاتە (٠,٤٩١=p-value) هەروەها کۆی هەردووو بڕگەی (مانای ژیان - هەستکردن بە تاوان) کە ئاستی بەڵگەداریی ئەکاتە (٠,٦٤٨=p-value) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداریان (p-value) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥)، کەواتە دۆخی کۆمەڵایەتی لێتوێژراوان رۆڵی ئەوتۆی نیە لەسەر تێڕوانینیان بۆ مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان.

بەڕای توێژەران بەهۆی نزیکی ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردن، هەروەها بوونی بارودۆخی هاوبەش لەناو چاکسازییدا هۆکارە بۆ لێک نزیکیی تێڕوانینی لێتوێژراوان دەربارەی مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان.

دەرئەنجام

١. بەرزترین ئاستی تەمەن بریتیە لە تەمەنی ئەو کەسانەی بە تاوانی کوشتن سزا دراون نێوان (٢٥ – ٣٤)ساڵدایە، بە رێژەی (٤٧٪).

٢. بەرزترین ئاستی خوێندن لای لێتوێژراوان بریتیە لە بڕوانامەی (ناوەندیی) بە رێژەی (٣٢٪)، بڕوانامەی (ئامادەیی) بەرێژەی (٢٦٪).

٣. ئەو کەسانەی بە تاوانی کوشتن سزادراون ئاستی مانای ژیان بەرزە و ئاستی هەستکردن بە تاوانیان مامناوەندە.

٤. پەیوەندییەکی ئاماریی راستەوانەی لاواز هەیە لە نێوان (مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان) کە پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە و بەهاکەی ئەکات (٠,٤٥٧).

٥. ژینگەی کۆمەڵایەتیی شار و لادێ و باری خێزانیی لێتوێژراوان جیاوازیەکی ئاماریی بەڵگەدار نییە لە نێوانیاندا بۆ مانای ژیان و هەستکردن بە تاوان.

راسپاردەو پێشنیار

یەکەم: راسپاردە

١. چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان ئەتوانن سوود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بە مەبەستی داڕشتنەوەی بەرنامەکانی ڕاهێنانەوەی سزادراوان بۆ ناو کۆمەڵگە.

٢. پێویستە بەرنامەی چاکسازیی گشتگیر و باش دابنرێت لە چاکسازییەکان بۆ پەرەپێدانی مانای ژیان لای سزادراوان و ڕاهێنانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە.

٣. بوونی مانای ژیان لای سزادراوان ئاماژەیەکی ئیجابی هەیە لای سزادراوان، هەر بۆیە ئەم هەستە پێویستە پەرەی پێبدرێت، تا بتوانرێت زیندانییان دوور بن لە دوورەپەرێزیی و بێمانایی لە ژیان و گرفتە دەروونییەکان، کەمبوونەوەی کێشەکانی سزادراوان لەناو چاکسازییەکاندا.

٤. کاربکرێ بۆ زیاتر دەستەبەرکردنی مافەکانی سزادراوان، لە ڕێگەی فێرکردن و ڕێنماییەوە بۆ بەرزکردنەوەی مانای ژیان لای سزادراوان.

دووەم: پێشنیارەکان

توێژەران پێشنیارکردنی چەند توێژینەوەیەکی زانستیی ئەدەن:

کردنی توێژینەوەیەک سەبارەت بە کاریگەری پاڵپشتییە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکانی رێکخراوە ناوخۆیی و

نێودەوڵەتییەکان بۆ گەشەپێدانی مانای ژیان لای سزادراوان.
کردنی توێژینەوەیەک سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان مانای ژیان و هەریەک لە گەشبینیی و ڕەشبینیی و هەستکردن بە شەرمەزاریی.
کردنی توێژینەوەیەک بۆ زانینی ئاستی مانای ژیان لای ئەو سزادراوانەی کە ئاڵوودەی مادەی هۆشبەرن.
کردنی توێژینەوە لەسەر گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە لەسەر نموونەی ژنان و نەوجەوانانی سزادراو و بەراوردکردنی بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

The meaning of life and the connection to feeling guilty by those who committed the crime of murder

Ayoob Kareem Saeed
Career Development Center – Sulaimani Polytechnic University- Iraq – Kurdistan Region
Sarwar Kareem Saeed
Ministry of Education – Iraq - Kurdistan Region

Abstract
This descriptive study examines the concept of the meaning of life for those convicted of murder and its people convicted of murder. A questionnaire ١٠٠ relationship to feelings of guilt. The study sample consists of form was used to collect data through the Statistics Package for the Social Sciences (SPSS) program. According to the study results, the level of life meaning is high, and the level of guilt in the sample is moderate. There meaning there is a weak direct ,(٠,٤٥٧) is a statistically proven relationship between life meaning and guilt .statistical relationship. There is not much difference between the meaning of life and guilt

.Key Words: Meaning of life، Feeling Guilty، Murder crime

معنى الحياة و علاقته بالشعور بالذنب لدى مرتكبي جريمة القتل

ملخص
هذه الدراسة اتبعت المنهج الوصفي وتناول مفهوم معنى الحياة لدى الأشخاص المحكومين من السجناء بتهمة القتل وعلاقته بالشعور بالذنب، كانت عينة البحث مكونة ٥٠ مسجوناً في إصلاحية الكبار مدانين بالقتل، ولجمع المعلومات استخدمت الاستمارة الاستبيانية معدة مسبقاً، واستخلصت النتائج عن طريق الحقيبة الإحصائية SPSS ، حسب النتائج كانت نسبة الشعور بمعنى الحياة لدى عينة البحث عالية والشعور بالذنب في مستوى متوسط، وهناك علاقة قوية وذات دلالة بين مفهوم معنى الحياة والشعور بالذنب.

الكلمات المفتاحية: معنى الحياة، الشعور بالذنب، جريمة القتل

## سەرچاوەکان:

## یەکەم: سەرچاوە کوردتریەکان

ئادلەر، ئەلفرێد (٢٠١٤)، مانای ژیان، وەرگێڕانی: سەڵاح سەعتر، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئەبراش(٢٠١٣)، ئیبراهیم، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و: تردار ئەبوزێد،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەلێر.

بۆکانی، د.صابر، میتۆتر توێژینەوەی زانستی (٢٠٢٠)، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، هەرێمی کوردستان، سلێمانی.

فرانکل، ڤیکتۆر(٢٠١٥)، گەڕانی مرۆڤ بەدوای واتادا، وەرگێڕانی: محمد محمد مراتر، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

الابيض، محمد حسن(٢٠١٠)، مقياس معني الحياة لدي الشباب، مجلة كلية التربية - جامعة عين الشمس، عدد ٣٤، جزء الثالث.

أبومرق، د. ذكي(٢٠١٥) أثر الشعور بالذنب في كل من التشاؤم والوساوس لعينة من طلبة كلية التربية بجامعة الخليل/ فلسطين .

البرواري، رشيد حسين احمد و الدباغ، لمياء كمال عبدللة، معني الحياة و علاقتها بالاتجاهات نحو الهجرة لدي شباب كردستان - العراق، طؤظاري زانكؤ بؤ زانستة كؤمةلَايةتييةكان، بةرطي ٢٣، ذمارة.١، سالَي ٢٠١٩.

البرزنجي، د. دنيا طيب(٢٠٠٩)، الشعور بالذنب وعلاقته بالإكتئاب دراسة ميدانية، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، العدد ٢ / المجلد ٤/ السنة الرابعة .

حسن، طالب خلف، الذكاء الاجتماعي و علاقته بمعني الحياة لدي طلبة الجامعة، مجلة ابحاث الذكاء والقدرات العقلية العدد(٢٢) لسنة ٢٠١٧.

الشبؤون، دانيا (٢٠١١)، الشعور بالذنب وعلاقته بالشعور بالخزي عند المراهقين دراسة ميدانية لدى تلاميذ الصف التاسع من التعليم الأساسي في مدارس مدينة دمشق الرسمية، مجلة جامعة دمشق، المجلد ٢٧.

الشديفات و الرشيدي، أمين جابر و منصور عبدالرحمن(٢٠١٦)، العوامل المؤثرة في ارتكاب الجريمة في المجتمع الَاردني من وجهة نظر الاصلاح و التأهيل. مجلة دراسات العلوم الانسانية و الاجتماعية، مجلد ٤٣، ملحق ٥.

صالح، قادر حسين (٢٠١١)، الشعور بالذنب و علاقته بتقدير الذات لدي المحكومين في مديرية اصلاح الكبار في السليمانية.رسالة ماجستير

عوادي، الحادة (٢٠١٨)، علاقة معني الحياة بالتشويهات المعريفية لدي الاشخاص المعاقين، جامعة الشهيد حمه لخضر بالوادي، رسالة ماستر.

عبد سلطان، م.د احمد رشيد عبد (٢٠١٥)، الشعور بالذنب وعلاقته بوعي الذات لدي طلبةالكلية التربوية المفتوحة، مجلة البحوث التربوية والنفسية، عدد ٤٧.

علاءالدين، الدكتورة جهاد (٢٠٠٢) الشعور بالذنب و عقاب الذات لدي عينة من طلبة الجامعة الهاشمية.

قانون عقوبات العراقى (١٩٦٩)، قانون رقم ١١١.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Damásio، Bruno Figueiredo & Koller، Sílvia Helena، Meaning in Life Questionnaire: Adaptation process and

.٤٧ (٢٠١٥) psychometric properties of the Brazilian version، Revista Latinoamericana de Psicología

The Meaning in Life Questionnaire: ,(٢٠٠٦) Michael F. Steger، Patricia Frazier، Shigehiro Oishi، Matthew Kaler .١ .No ،٥٣ .Assessing the Presence of and Search for Meaning in Life، Journal of Counseling Psychology، Vol

level of consciousness self-awareness: comparison and integration of various views Mount (٢٠٠٠) Morin، A Royal College

If only I want" Versus" If only I hadn't، Distinguishing shame and guilt in" :(١٩٩٤) .Niedenhal، p.m. etal .counterfactual

Ventegodt، Søren، Merrick، Joav، and Niels Jørgen Andersen، Quality of Life Theory III. Maslow Revisited، .٢٠٠٣,٨٤.tsw/١٠,١١٠٠ ٧٤٤X; DOI-١٥٣٧ ISSN ١٠٥٧–١٠٥٠ ،٣ (٢٠٠٣) The Scientific World JOURNAL